

## نازدار:

# ناکرێ ئەوەی دەربارەی هونەرمەندی تورک دەنووسرێت بۆ کوردێکیش بنووسرێت

**بەم دواییە خانمە هونەرمەند نازدار جزیری سەردانی کوردستانی کرد بۆ ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێك بە بۆنەی یادەکانی ئادار و نەورۆز، لە سەروبەندی ئەم ئاهەنگانە ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ نازدار جزیری دروستبوو.**

نازدار جزیری دەربارەی سەردەمی منداڵیی خۆی دەڵێت: من تەمەنم چوار ساڵ بوو کاتێك شاری جزیرەمان جێهێشت، بۆیە من زۆر شتەکانم بە باشی بە بیر نایەتەوە، بەڵام وەك ئەوەی دایك و باوکم دەڵێن تۆ کچێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بووی و زۆر جار لە دیوەخانی گەوران دادەنیشتی و گوێت لە قسەکانیان دەگرت و زۆر حەزت لەوە نەبوو لەگەڵ منداڵان لە دەرێ بم یان یاری بکەم و زیاتر وابەستەی دایك و باوکم بووم، هەر ئەو کاتیش زۆر حەزم لە گۆرانی بوو و زۆرجار گۆرانیم دەگوت ئەمەش باوکمی دڵخۆش دەکرد، لەبەر ئەوەی من منداڵی گەورەی ماڵ بووم هەستم دەکرد ئەرکێکی قورسم لەسەر شانە و زۆریش ئاگاداری خوشك و براکانم بووم لە هەمان کات زۆر بە ورياييەوە هەنگاوم دەنا لە بواری هاتن و چوون و جوڵە و و پۆشینی جلوبەرگ، چونکە من چۆنم رەفتار کردبا خوشك و براکانیشم لاسایی منیان دەکردەوە، لە هەمان کاتدا باوکیشم زۆر هاوکاری دەکردم بۆ ئەوەی زمانی کوردیم زۆر باش بێت، هەروەها زۆر باس و چیرۆکی کوردستانی بۆ دەکردم تاکو زیاتر پابەندی کەلتوور و مێژووی وڵاتی خۆم بم، بۆیە کە چووینە ئەڵمانیاش من زۆر پابەند نەبووم بە کەلتووری ئەڵمانییەوە و زۆر نەگونجاوم لەگەڵ کەلتووری ئەو وڵاتە تەنیا لە لایەنی زمان و خوێندنەوە نەبێت و زیاتر هەست و بیرم لە کوردستان بووە، چونکە خانەوادەکەم خەریکی کاری سیاسی بوون هەر لە منداڵییەوە ئەو هەستە لە دڵمدا هەبوو، هەروەها شتی ناخۆشیشم بینیوە بۆ نموونە لە پێش چاوی من لە باوك و دایك و مامیان دام و ماوەی سێ ساڵ لە سۆزی باوکم دوور بووم دوای ئەوەی زیندانی کرا، کوشتنم بینیوە، قەدەغە کردنی هاتوچوونم بینیوە.

نازدار دەربارەی کەسایەتیی خۆی دەڵێ: پێویستە ئەم پرسیارە لە خەڵك بکرێت نەك لە من، بەڵام بەهۆی ئەوەی بۆم دەگەڕێتەوە و دەیبیستم من چۆنم و لە شوێنە گشتییەکان و ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان چۆن دەردەکەوم خەڵکیش ئاوا دەمبینێ و هیچ شتێکی جیاوازتر لە کەسایەتیی خۆم لە خەڵکەوە نابیستم، ئەمەش مایەی خۆشحاڵیمە، لەبەر ئەوەی خەڵك بیروڕای تەواوی خۆی لەسەر من دەبێت.

سەبارەت بە دوایین ئەلبوومی خۆی کەیف و شادی کە پار ساڵ بڵاوکرایەوە، نازدار جزیری دەڵێ: وەك ئاوات و پەیامی من لەم بەرهەمە بە تەواوی هاتە دی، راستە لە بواری تەکنیکی و ئارانجمێنتیدا هەندێك گرفتمان هەبوو و وەکو پێویست نەبوو، حەزم دەکرد ئەلبوومەکە زیاتر



بەهێز و پڕتر بوایە لەرووی بەرهەمەکانەوە، بێگومان هیچ کارێکیش بێ کەموکوڕی نابێ، بەڵام سەبارەت بە چوونە نێو خەڵك و پێشوازی خەڵك لە بەرهەمەکە زۆر باش بوو، چونکە کارکردن لەسەر ٧٢ گۆرانی لە یەك کاتدا کارێکی زۆر ئاسان نییە هەر لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی یەکە بە یەکەی گۆرانییەکان و پێداچوونەوە و دڵنیابوون لە راستیان کات و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، مەبەستم ئەوە نەبوو خەڵك تەنیا لە سەیرانەکاندا گۆرانی بڵێ، بەڵکو ئەلبوومێکە بۆ هەموو کاتێك دەبێ و خەڵك دەتوانێ گوێی لێ بگرێ و بە هەموو زاراوەکانە وابزانم ئەلبوومێکە زۆر بە ئاسانی نامرێت.

دەربارەی ئەوەی کێ هاوکاری کردووە لەم ئەلبوومە، نازدار دەڵێ: من گەیشتوومەتە تەمەنێك کە پشت بە خۆم ببەستم بۆیە من خۆم زۆر کارم لەسەری کرد، هەروەها باوکم و زانای براشم بە حوکمی ئەوەی خۆی موزیکژەنە زۆر هاوکارییان کردم، سەبارەت بە گۆرانیی سۆرانی کەسێك کە دانیشتووی ناحیەی خەباتە بە ناوی ئەردەوان برادۆستی زۆر زۆر هاوکاری کردم.

نازدار خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە هەولێر و سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان، سەبارەت بە سەرکەوتنی لە وتنی گۆرانی بە شێوەزاری سۆرانی دەڵی: حەز دەکەم ئاماژە بە کارێك بکەم کە زۆر دڵخۆشی کردم بەتایبەتی لە ئەلبوومی کەیف و شایی ئەویش ئەوەیە کە جەماوەری من لە سۆرانی و بادینی و هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوون بە یەك واتە ئەو پێشوازییەی لە دهۆك و زاخۆ لە کارەکانم دەکرێت بە هەمان شێوە لە سلێمانی و هەولێر و شارەکانی دیکەش بە هەمان گەرم و گوڕی پێشوازی لە بەرهەمەکانم دەکرێت، پێموایە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە بۆ کچە هونەرمەندێك کە خەڵکی باکوورە و لە ئەورووپا هاتۆتەوە و خۆی بە شێوەزاری کرمانجی گۆرانی بڵێ و بتوانێت بگاتە هەموو شێوەزارەکان، چونکە کە یەکەم جار هاتمە کوردستان زۆر بە زەحمەت دەمتوانی بە شێوەزاری سۆرانی قسە بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی حەزم دەکرد ببم بە گۆرانیبێژێکی کوردستانی بە پێویستم زانی کە بە هەموو شێوەزارەکان گۆرانی بڵێم و هیوادارم بتوانم سەرکەوتوو بم و ئەوەی تا ئێستا بۆم دەگەڕێتەوە مایەی خۆشحاڵییە و بۆیە هەوڵ دەدەم لە هەموو بەرهەمەکانی داهاتووم گۆرانی سۆرانی تێدابێت، لە هەمان کاتدا لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانیش گۆرانییەکانم نیوەیان سۆرانی بن بە هەمان شێوە گۆرانیی زازاکیش دەڵێم.

خوێندنی دەروونناسی لەگەڵ خوێندن لە بواری هونەر تا رادەیەك لە یەك دوورن؛ سەبارەت بەمە نازدار دەڵێ: کاتێك مرۆڤ کاری هونەری دەکات لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان نزیك و تێکەڵ دەبێت و هەموو ئەم چین و توێژانە چاویان لە هونەرمەندە، بۆیە پێویستە هونەرمەند مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەمانە بکات، ئەوەی ئێوە لەسەر ستەیج دەیبینن بۆ ماوەی کاتژمێرێك تەنیا ئەوە نییە کە لەبەرچاوە، بەڵام ئەوەی دواتر پێویستە و رووددەدات وەك پرۆڤە و موزیك و شیعر ئەمانە هەموویان پێویستیان بە بوارێکی دەروونی تایبەت هەیە و تێکەڵە بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا.



ئایا زۆر سەردانی کردنی کوردستان سوود یان زیانی هەیە بۆ هونەرمەند و ئایا بۆچی نازدار وەك پێویست دەرناکەوێت لە میدیاکان؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا نازدار دەڵێ: من زۆر سەردانی کوردستان دەکەم و تا ئێستا شتێکی وام بەرچاو نەکەوتووە کاردانەوەی خەڵك پێچەوانە بێت، بەڵکو زۆر بە گەرمی پێشوازیم لێدەکات، سەبارەت بە دەرکەوتن لە میدیا ئەگەر پشت راست نەبم لە بڵاوکردنەوەی راستییەکان لە هەندێك میدیا یان بڵاو کردنەوە هەندێك شتی دوور لە راستی ئامادە نیم دیمانە ئەنجام بدەم و دەربکەوم، هەرچەندە تا ئێستا شتێکی ئەوتۆ دەربارەی من بڵاو نەکراوەتەوە کە زۆر ئازارم بدات، هەندێك لێرە و لەوێ شتی بچووك نووسراوە، بەڵام خەڵك بڕوای پێ نەبووە، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە باس کردنی هونەرمەند نیشانەی سەرکەوتنی هونەرمەندە، بەڵام ناکرێ ئەوەی لەسەر هونەرمەندێکی عەرەب یان تورك و فارس دەنووسرێت هەمان شت لەسەر هونەرمەندی کورد بنووسرێت، و دەبێ رۆژنامەنووسانی خۆمان باش بزانین کە ئێمە کوردین و تایبەتمەندیی خۆمان هەیە.

# ماریا
# رکابەرێتی بیونسی دەکات و لاسایی ناکاتەوە

خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی ماریا کاری رایگەیاند کە لە ئەلبوومی نوێیدا هەردوو منداڵەکەشـــی بەشدارن و ســـوپرایزێکی زۆر جوانیشی هەیە کە هیچـــی لە ئەلبوومەکەی بیونســـیی رکابەری کەمتر نییـــە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لاسایی بیونسیی نەکردۆتەوە و ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بەم نزیکانە لە سەرتاسەری جیهان ریکلامی ئەلبوومەکەی بڵاو دەبێتەوە.

ئەلبوومـــە نوێیەکەی ماریا دەبێتە ئەلبوومی ژمارە ١٤ لە کاروانی هونـــەری خۆیدا و بە نـــاوی Def Jam دەبێت و هەردوو کچە هەشت ساڵییەکەی تێیدا بەشدارن،

ماریا نازناوی هونەرمەندی خاوەن پڕفرۆشترین ئەلبوومی هەزاری نوێی بەدەســـتهێنا و بەپێی یەکێتی پیشەسازیی تۆمارەکانـــی ئەمریـــکا لە پلەی ســـێیەم دێت لە پڕ فرۆشـــترین بەرهەم لە نێو کچـــە گۆرانیبێژەکانی ئەمریـــکا لە ســـاڵی ٢٠١٢، هەروەها ٥ خەڵاتی گرامی بەدەســـتهێناوە لەگـــەڵ ٥٩ خەڵاتی دیکەی جیاجیا لە بواری موزیك.





# هویام بیر لە سوڵتان دەکاتەوە

دوای ئـــەوەی لە ئەڵقەی ١٣٢ی زنجیـــرەی تورکـــی (حەریـــم ئەڵســـولتان) هویامـــی هاوسەری ســـوڵتان مرد، ژمارەیەکی زۆر لە رەخنەگران و بینەرانی زنجیرەکە رەخنەیەکی زۆر توندیان ئاراســـتەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری زنجیرەکە کرد و تووشـــی جۆرێك لە شڵەژانی کردن، بۆیە بیریـــان لەوە کردەوە دووبارە مەریەم ئۆزەرلی کە رۆڵی ســـوڵتانە هویامی بینی، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو رووداوەکانی زنجیرەکە بە مەبەستی مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی.

مەریەم کە بە رەچەڵەك ئەڵمانییە و ئێســـتا لە ئەڵمانیا ژیان بەســـەر دەبات بە هـــۆی منداڵبوون و ماندووبوونی زۆرەوە لە زنجیرەکە کشـــابۆوە، بەڵام ئێســـتا باری دەروونی و تەندروســـتیی زۆر باشترە، بۆیە بەڵێنی داوە بیر لە گەڕانەوە بکاتەوە، بەڵام بە مەرجێك گەڕانەوەکەی تەنیا بەشـــێوەی فلاش باك بێت یان بە گێڕانەوەی یادگارییەکانی بێت لەگەڵ ســـوڵتان ســـولێمانی قانونی بۆ ئەوەی هەڵەیەك لە ڕێڕەوی زنجیرەکە دروست نەبێت، هەروەها کاتـــی ئەوەشـــی نییە بە تەواوەتی بگەڕێتەوە، چونکە ئێســـتا زۆربەی کاتی خۆی بـــۆ پەروەردە کردنی کچەکەی تەرخان کردووە.

پێشتر کۆمپانیای بەرهەمهێنەر هەوڵی دابوو ئەکتەری تورکی فاهیدی گۆردۆم شوێنی مەریەم بگرێتەوە لە رۆڵەکە، بەڵام رەتی کردەوە بۆیە نووســـەرەکە ناچار بوو لە بەشـــی رابردوودا کۆتایی بە رۆڵی هویام بنێت، شایەنی وتنـــە دیمەنی مردنی هویام ژمارەی پێوانەیی تۆمار کرد لەســـەر تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب لەتورکیا و ئیتاڵیا.



# میریل ماندوو بووە لە وەرگرتنی خەڵات

**میریل ستریپی ئەستێرەی سینەمایی جیهانی بە شاژنی (ئۆسکار) ناسراوە ئەم نازناوەش لە خۆوە و بە وەسف کردنی بە ئەفسانەی نواندنی هۆلیۆدەوە نەبوو، بەڵکو بە هۆی سەرکەوتنە بەردەوامەکانی و بە دەستهێنانی چەندین خەڵاتی جیهانی بووە لە فیســـتیڤاڵە جیهانییە بەناوبانگەکان، بە جۆرێك بەشـــداری کردنی لە هەر فیلمێکدا ســـەرکەوتنی فیلمەکە مســـۆگەرە بەر لە نمایش کردنی. بەڵام پێدەچێت میریلی تەمەن ٦٤ ســـاڵ مانـــدوو و بێزار بێت لە بە دەســـتهێنانی خەڵاتەکان بە هۆی زۆریـــی خەڵاتەکان، بۆیە بەم دواییە لە لێدوانێکـــدا رایگەیاند کە زۆر رقی لە بانگهێشتە زۆرەکانە کە پێشکەشی دەکرێن بۆ ئامادەبوون لە فیستیڤاڵەکان و وەرگرتنی خەڵاتی جیاجیا.**

**میریل پێشتر ١٨ جار پاڵێوراو بووە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار و لەوانە ٣ جار خەڵاتەکەی بەدەستهێناوە، هەروەها بەم دواییە خەڵاتی Monte Cristo Award لە خولی چواردەهەمی کە لە ســـەنتەری شـــانۆی ئۆجینی ئۆنیلبسبب لە نیویۆرك ئەنجامدرا، هەرچەندە دۆن گۆمیزی هاوسەری هەمیشە لەگەڵیدایە بۆ پشتیوانی کردنـــی، بەڵام بـــەم دواییە بە رۆژنامەی نیویۆرك دەیلی راگەیاند کە هەمان جۆش و خرۆشـــی جارانی نەماوە کاتێك میریل خەڵاتێك بەدەست دەهێنێت، هاوسەری میریل زیاتر دەڵێ: من و میریل ٣٧ ساڵە ژیانی هاوسەریمان پێکهێناوە و چوار منداڵیشمان هەیە، بەڵام زۆر جار دەبێتە شەڕمان لەسەر ئەنجامدانی کاروباری ماڵەوە.**

# کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی

## ماڵە باوان - ٤ -

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

### ئەو ساتانای ناسرێنەوە

پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شانۆیی جەنابی موفەتیش بەدەستیهێنا، کەوتینە بیرکردنەوە لە شانۆییەکی جەماوەری هاوشێوە، لە کاتی خۆیدا شانۆیی (پیسکەی تەرپیر) کە لەلایەن کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سلێمانییەوە ساڵی (١٩٥٦)، هەر هەمان شانۆیی لە ساڵی (١٩٥٧)، لە شاری هەڵەبجە پێشکەشکرابوو، دواتریش ساڵی (١٩٦٠)، پێشکەشکرابووەوە، ئەم شانۆییە بە رادەیەك کاریگەریی لەسەر خەڵکەکە کردبوو، کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بووبووە وێردی سەرزاری هەمووان و لەسەر نەوار تۆمار کرابوو.

لە بازاڕی مەزاتخانەکە بازاڕی گەرم بوو.

سەرەتا دەبوو رەزامەندیی (رەفیق چالاك) وەربگیرێ، چونکە بە پلەی یەکەم ئەو بە کوردی کرد بوو، وا رێکەوت سەردانی (کاك نوری وەشتی) م کرد کە لە شارەوانی سلێمانی فەرمانبەر بوو، ئەو کاتە شارەوانی لە نهۆمی سەرەوەی بازاڕی (عەسری) دابوو، کە پێشتر تەلاری قوتابخانەی (فەیسەڵیە) بوو، خانووەکە لە ساڵی (١٩٠٨) دروستکرابوو، لە ساڵی (١٩٢٠) ەوە شوێنی قوتابخانەی فەیسەڵییە بوو، بەداخەوە لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە رووخێنرا، کە جوانترین تەلار و یادگاری خوێندن بوو لە شارەکەدا و بازاڕێکی (نا عەسری) لە جێگاکەیدا دروستکرا، بە هەر حاڵ لەو سەردانەی (وەشتی)م دا، باسمان لە بەرهەمە نوێیەکەمانەوە کرد،مامۆستا (رەفیق چالاك)یش پەیدابوو، دەستکرا بە قسەکردن، رووی زاری کردە من ( ئەوەم بە کاکە (نوری) وتووە، تەنها مەرجێکم بۆ بەخشینی شانۆیی (پیسکەی تەرپیر) بە کۆمەڵ ئەوەیە، کە تۆ ئەبێ دەوری میرزا ببینی، واتە ئەو دەورەی کە من دیبووم، پاش ئەوەی پار( جەنابی موفەتیش) هونەرەکەم بەدڵ بوو، تۆ ئەتوانی ئەو کەسایەتییە بە چاکی بنوێنی ).

سبەینێ دەستکرا بە نووسینەوەی لەسەرکاغەزی (ستێنسل) بە ئامێری چاپ بۆ ئەوەی بە ئامێری (رۆنیۆ) رابکێشرێ و، ئیدی کەوتمە دەستنیشانکردنی ئەکتەرەکان و لەگەڵ (مامۆستا)، (عەلی جۆلا)ش بۆ شێوە و جۆری دیکۆرەکە قسەمان کرد کە هەر ئەو هونەرمەندە بەرزەش پۆستەری شانۆییەکەی کرد، کە پێشتر بۆئەو جۆرە چالاکییە نەکرابوو، لەلایەکەوە دەرهێنەر بووم و لەلایەکی دیکەوە رۆڵی کەسایەتی سەرەکیم دەنواند، ئەو دەمە شانۆی زانکۆ هێشتا تەواو نەبوو بوو، تەنها چوار دیوارێك و (جەمالیۆنێك) بوو، بەڵام ناچاربووین چونکە هیچ شوێنێکی دیکەمان شك نەدەبرد، کارەبامان بۆ راکێشا و کورسیمان بۆ هێناوچوار هەوا ساردەکەرەوەی گەورەمان بۆ دانا و کارەبامان بۆ راکێشا و خۆمان ژمارەیەك (پرۆجێکتەر) مان بۆ بەست، ئەوەگەرمای مانگی تەمووز لەلایەکەوە و هاڕەهاڕ وزرمەزرمی هەوا ساردکەرەوەش لەولاوە بوەستێ، جگە لەو هەموو جل و بەرگ و مشکی و جامانەی سەرم، بە دڵێکی پڕ لە جۆش و خۆشیەوە لە ئێوارەی رۆژی هەشتی مانگی تەمووزەوە، هەتا (٢٠)ی، ئەومانگەی ساڵی (١٩٧٢) نواندن بە جەماوەرێکی بەلێشاوهاتووی تامەزرۆ و بەردەوام بوو، گەورەترین دەنگدانەوەی هەبوو، دەیان بابەتی لەسەر بڵاوکرایەوە، پاشان لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی بەغدا لە هەمان هاوین دا و لە رێکەوتی (٢٥-٨-١٩٧٢) تۆمارکرا و پاشان دەیان جار پەخشکرا، باسی بەراوردکردنی بەو جارانەی پێشوو کە پێشکەشکرا و هاتە ئاراوە، بۆیە لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی کۆمەڵ لە (٨-٨-١٩٧٢) لە بارەگای کۆمەڵ، کە لە شەقامی پیرەمێرد و نزیکی بەردەرکی سەرا و بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بوو، کۆڕێکی فراوانی بۆ سازدرا، کە ژمارەیەك لە ئەدەبیان و هونەرمەندان و رۆشنبیرانی شارەکە ئامادەبوون، وا بزانم دەبێ یەکەمین کۆڕی هونەری شانۆیی بووبێ لە بزاڤی شانۆی کوردائەوە راستە: لە تەك هەر هەڵکشانێکا، دوژمنی نوێت لێ راست دەبێتەوە، چ لە (غیرە)وئیرەیی کردنەوە و چ لە دڵڕەشگەییەوە، کە پێیان وایە رێگری لە ئاست بەرەو پێشەوە چوونیان، کەسانێك بەتایبەت لە کۆنەکان، خۆیان پێ رانەگیرا و کەوتنە هاندانی کەسانێك کە بە خراپە لەسەرمان بنووسن، بەداخەوە یەکێك لەو سەرە مقەستانە لە رۆژنامەی (برایەتی) دا، کە خۆم تیاد دەمنووسی و شانازییم پێوە دەکرد، دزەی کردبووە ئەوێ و، لەگەڵ خوێندنەوەیدا، چ بە پێکەنین و چ بە جنێو، چیم هەبوو دەرمبڕی، دیارە ئەو دوو شتە، لە هەرە تایبەتییەکانی مرۆڤن، کە هیچ گیانلەبەر و زیندەوەر نییەتی واتەپێکەنین وجنێودان ، ناهەقم نەبوو لە یەك کاتدا هەردووکیم بە کارهێنا، لەو کۆلکە ستوونەدا نووسیبووی:

سبەینێ دەستکرا بە نووسینەوەی لەسەرکاغەزی (ستێنسل) بە ئامێری چاپ بۆ ئەوەی بە ئامێری (رۆنیۆ) رابکێشرێ و، ئیدی کەوتمە دەستنیشانکردنی ئەکتەرەکان و لەگەڵ (مامۆستا)، (عەلی جۆلا)ش بۆ شێوە و جۆری دیکۆرەکە قسەمان کرد کە هەر ئەو هونەرمەندە بەرزەش پۆستەری شانۆییەکەی کرد



(دەبوو لە نێوانی بینراوەکاندا، گاڵتەو و گەپ و هەڵپەڕکێ و. جگە لەوە لە پێش نمایشەکە و لە کاتی پشوودا، نە گۆرانیی (چالاك) و نە مەقاماتێ ونەبەستەوپۆست وئیدارە چوار دادەنێن ونە بڵندگۆیان بەکار دەهێنا...)

وابزانم سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لە رادەبەدەری بەدەستهێنا، بووە مایەی گوڕوتین بۆ ئاییندەم، هەر چەندە هەر لەو کۆمەڵە چاوگەدا، چەندین بەرهەمی دیکەی هەمەجۆرم پێشکەش کردبوو، گەلێکیان لە شانۆ جیهانییەوە بوون و زیاتریش خۆم وەرمدەگێڕان، مەبەستم لەوە، ئاشناکردنی بینەری کورد بوو بە شانۆی جیهانیی و، لە هەمان کاتدا، بەرزکردنەوەی ئاستی چێژوەرگرتنی جەماوەر، جگە لە رووی مەعریفی.

هەر لەو ساڵەدا تیپی فتبۆڵی هونەرمەندان لە ناو کۆمەڵدا دروستکرا، یارییەکی دۆستانەمان لەگەڵ تیپی وەرزشوانانی خانەنیشینی سلێمانی کرد، بۆ ڕێکلامی یارییەکە، مامۆستا (عەلی جۆلا) پۆستەرێکی نیمچە کاریکاتێری کردبوو، کە یەکێکیان لە ژێر سەعاتەکەی بەریدی بەرگی سەرا هەڵواسرابوو، مامۆستا وێنەی منی بە پۆشاکی میرزا مەحمودی شانۆییەکەوە کردبوو، کە لە کاتی هێرشی گۆڵکردنابووم.

بینەرانێکی زۆر هاتبوونە سەیری یارییەکە، ئێمەش تیپی مۆسیقا و گۆرانیمان بردبوو، کە هونەرمەندانی خوالێخۆشبوو(عوسمان عەلی و حەمەی نێرگز)بە دوو قۆڵی گۆرانییان دەوت، کاتێ هێرشمان دەبرد، دەیان کردە بەستەی گورج و گۆڵ و بزوێنەر، هەر کاتێکیش ئەوان گەرمی هێرش بوونایە، دەیانکردە مەقامی خاو و لەسەرخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیەك وەرزشوانی چاکمان تێکهەڵکێشی خۆمان کردبوو، بەڵام هەر دادی نەداین، دۆڕاین و حەوت گۆڵیان لی کردین بەرامبەر بە هیچ، ئەوەی مایەی سەر سوڕمانە پاش تێپەڕبوونی حەڤدە ساڵ بەسەر ئەو یارییەدا، یارییمان لەگەڵ هەمان تیپ کردەوە، ئاکام دۆڕاینەوە، هەر حەوت بە هیچ لێی دەرچووین، لە کاتێکا حەوت یاریزانیان چووبوونە شوێنی حەق و نەمابوون، دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم، وەرزشوانی بەناوبانگی سلێمانی کاك(جەمیل نوری مەلا عەلی) ناسراو بە (جەمیل مەدفەعی) دروستکەری ئەو تیپەبوو، لە هەمان کاتدا کاریگەریی هەبوو لە بەرپابوونی ئەو گیانە لای هونەرمەندانیش، کە هونەرمەند و وەرزشوانی ئازیزی شار خوالێخۆشبوو(عەلی لەتیف) بوو.

ئەوەی لە زەینا نەمرە، ئەو هەڵویستە جوانەی تیپی خانەنشینان بوو، کە کاسی سەرکەوتنەکانیان خەڵاتی ئێمەکرد، هەروەها وەرزشەوانی نەمر کاکە(عوسمان محەمەد)ناسراو بە (پیاوە بچکۆڵەکە) ئەندامێکی بە توانای(تیپی تۆپی ئەهالی)و کاتێکیش ساڵی(١٩٥٦) تیپی هەڵبژاردەی تۆپی پێی سلێمانی دادەمەزرێ دەبێتە یاریکەرێکی سەرەکی ئەو تیپە، ئەم پیاوە بەڕێزە، پاش کۆتایی یارییەکە دەستی کردە ملم و کاسێکی پێشکەشکردم لێی نووسیبوو دیاری پیاوە بچکۆڵەکە بۆ ئەحمەد سالاری هونەرمەند، ئەو کاسە بایەخێکی مێژوویی هەبوو، چونکە لە ساڵی(١٩٥٦) پێشکەشی کرابوو، بە دیارییەکی پیرۆز و هەرە بە بایەخ وپیرۆزم دانابوو بەڵام ئەوەی لە دڵما بۆتە گرێ، لە ناوچوونیەتی، کە لەگەڵ تاڵانکردنی ماڵ و تیپەکەمدا، دز و جەردە تاڵانیان کردبوو، رەنگە هیچی بۆ ئەوان نەکردبێ، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم، خودا شایەت بە خەڵاتی (ئۆسکار)م نەدەگۆڕییەوە.

وابزانم کەمێك بە کورتی و خێرایی رۆژانی کۆمەڵی هونەر و وێژەیی کوردیم بەسەر کردەوە، کە بە تەنها کتێبێکی گەرەکە، بەتایبەت بۆ من کە رۆژانی بناغە و بنچینە دارشتن و بڕوا بەخۆ بوون و هەڵکشانمە، بۆیە بە (ماڵە باوان) ناویم بردووە و هەرواش ناوی دەبەم، کە هەمیشە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ماڵە باوانمان بووە، چەندین تیپی شانۆیی لەوێوە ڕێگای گرتۆتەبەر، هەر بەلای منەوە، ئەوە(تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی) و(تیپی شانۆی زانکۆ) ودواترینیان (تیپی شانۆی سالار)، جگە لەوەی هەر کاتێ خۆمان پیادا کردووە و پێویستی بە پرس نەکردووە هەرشتێکم پێویست بووبێ بردوومە، هەر بەو بۆنەیەشەوە دۆست خزمێکی ئازیزی خۆم(کاکە دڵشاد سدیق) کەلە ئەندامە دڵسۆزە کانییەتی و بەرپرسی گەنجینەکەی بوو، لەگەڵ ئەو گیریی و توندیەیدا، لە ئاستی ئێمەدا نەرم و نیان بوو، ئەوە کاکە(عەبدولی حەمە جوان) هەمیشە بە پێکەنینە هەرە تایبەتییەکەیەوە پێشوازی لێ دەکردین، هەر چۆن گشت ئەندامەکانیم بە برای خۆم زانیوە، هەروەها هەر خۆشم بە ئەندامی ئەو کۆمەڵە دەزانم، کەواتە خوا ئاوەدانی کات.

**لە تەک هەر هەڵکشانێکا، دوژمنی نوێت لێ ڕاست دەبێتەوە، چ لە (غیرە) وئیرەیی کردنەوە و چ لە دڵڕەشگەییەوە، کە پێیان وایە ڕێگری لە ئاست بەرەو پێشەوە چوونیان، کەسانێک بەتایبەت لە کۆنەکان، خۆیان پێ ڕانەگیرا و کەوتنە هاندانی کەسانێک کە بە خراپە لەسەرمان بنووسن**